

خاڵەبەکر
bakeramin@hotmail.com

# بزێو

کیژی ناسك،
بریا، هەرگیز،
نیگای وێڵی بێ ئامانم..،
جێ نزرگەی تۆ نەبوایە..؟
وەکو مەلی ناو هێلانە،
لە زەمینەی چاوەکانم دوور بوویتایە..؟

ماڵ ئاوەدان..؟
وەکو دیمیت..،
بۆچی هێشتت..؟!
زام و ژانی رۆژانی زوو،
لە یەك ساتا..،
مەی نۆش ئاسا..،
بخۆمەوە لە چاوانتا،
بێ بەلاًبی..؟
هەنگاوی شێواوو، شەرمنم،
وای لێ کردم ،
عیشق و نەشتەر،
لەبری خامە..؟
بخەمە دووتوێی پە نجەوە..
بەسوژنی ئاگراویش..؟
لەسەر دڵە تەوەلاکەم..،
سیمای جوانت بکێشمەوە..؟

کچی نازێ..؟
هەر نیگایەکت پڕ رازێ..،
لەوە زیاتر هیچی دیکەم لەدەست نایێ..؟
ئەم جارەیان چیم لێ دەکەی..،

**سواری کۆڵی چ ئەسپێکی شێتم دەکەی،**

**بۆ کوێم دەبەی..؟؟**